

**وەڵامی ئۆتۆناپشتم:**

لێرە، ئۆتۆناپشتم – نوح – باسی ئەوە دەکات کە چۆن توانی نەمریی بەدەست بێنێ، ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارەی (گلگامش)ە کە پێشتر لێی پرسیبوو؛ تۆ چۆن توانیت نەمریی بەدەست بێنی؟



**ئەشتاری خوداوەند:**

خوداوەندی بەدەسەڵاتی ئێشق و دڵداری، کە چیرۆک و ئەفسانەی زۆری ئەم خوداوەندە ئێستا لەبەر دەستە، ڕۆژانێک بە (عەشتاری ئەربیل – هەولێر) ناسراوە، هەندێک لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە پەیوەندییەکی زۆر لەنێوان – ئەفرۆدیت و ئەناهیتا و عەشتاردا هەبێ.





**ئەناهیتای خوداوەند:**

ئەو خوداوەندەی لە زۆر سەردەم و لە زۆر لای کوردستان پەرستراوە، وێنەکە بۆ سەدەی هەفتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە ناوچەی لوڕستان دۆزراوەتەوە، ئەو خوداوەندە ژنە لێرە بەماسی و گوڵ دەورەدراوە، لەوە دەچێ، لەم وێنەیەدا وەک خوداوەندی دەریا و ئەشق بەرجەستە



**ڕێوڕەسمی پاشایەتی:**

نەرسی پاشای ساسانییەکان چەمبەری پاشایەتی لە دەستی ئەناهیتای خوداوەند وەردەگرێ، ئەمەش پشتگیری خوداوەند – ئایین –ە بۆ پاشا کە لەو ڕۆژگارەدا پێویستییەکی پاشایەتی بوو. ئێستاش لە کوردستان ناوی ئەم خوداوەندە – ئەناهیتا – بەشێوەی – ناهید – و – ناهیدە – بۆ کچ و ژنان ماوەتەوە.